# شێتخانەی دڵ یان بەهەشتەدۆزەخێک

ئیبراهیم قوربان

ئەسپە ئاسنینەکان، گەوجانە بە نێو چاوی دڵما، بەبێ شەرمان بە زەڕەگەوزە، نەزمی شاری کۆسکەوتووی بێنەزم، هێندەی دی ئاڵۆز دەکەن. گۆڕەپانی شار، کوورەی قانگدانی دەماغی بێدەماغانە. وەی وەحاڵ ئەو گێلەی، کە لەجادە دەپەڕێتەوە و خێرا قەڵەمباز نادا، ئەوا ئیدی خۆێنی حەڵاڵە و جۆر تەماتەی ڕزیو لەگەڵ قیرتاودا، یەکسانی دەکەن و دەبێت لە جوملەی هاووڵاتیانی خدرزندە سەرژمێر بکرێت. شڕەجێبی جێیماو و کۆنەئامرازی ئەنفال، ئێستا وەجاخی براخاسگەلی دەڤەر، بەنازەوە گشت ئەو ڕۆژگارە بۆ مەلە دەبرێنە نێوان هەردوو کارێز و لەوێشەوە شۆڕیان دەکەنەوە خوارێ، بۆ سەر گۆڕەکەی دایەئەلۆەن، تاکو دەستەجەم لنگی بەرز هەڵبڕن و لێی بنیشن و ڕۆحی ئەتک کەن. ئەڵبەت ئەوە بەبەر چاوی براخاسان و فریادڕەسان و سەردارانی شاری بیخاوەنەوە. داخەکەم داد بۆ کێ بەرین! ئەوەی لەم ناوچەیە بە بکۆژەبە عسییەکان و بیابانشینان نەکرا ئەوا جامانەئەگاڵ لە ڕێگای خوا بەزیادەوە دەیکەن.

دریغا سەردەم هەمدێس سۆزانییەکەی جارانە و ئەمجارەیان بە کوردی، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆحی سیروان و دوندی بەمۆ، بە دۆلارەدینار، ڕێکلام بۆ سەروەری بەری دەکات. ئێرە ئێستا وەکو دوێنێ، وەکو پار و وەکو پێرار وەکو وەکو..، شەقڵی خەرمانی هەژارەکان بە دەست میرزایەکی بیسەواد و بێوێژدانە! خوایە دادێک پێچەوانە، خۆایە زریان بۆ هەڵناکا – بۆچ بە تەنها ئێمەگەلی کورد باجی نەزانینی سەران هەر بە هەمان دراو بدەین، هەردوو خەتو شیری دیسان خۆێناوی بێ.

دریغا نیشتمان تەنها هەر تۆمان شک دەبرد! بە چ دەردێکیان بردی، نەفرەت لەپەتای دۆلار نەفرەت لەوانەی بۆ بەرژەوەندییە گلاوەکانیان کوردستانیان تاڵان کرد، نەفرەت لەو ڕۆشنبیرانەی، کە تووشی ئەیدزی هۆش هاتوون و نەفامانە، خۆ بە فریادڕەسی نەتەوەکەیان دادەنێن و فێرە چێرسە کوردایەتی بوون و بەدەم قڕقێنە و لسینەوەی میکرۆفۆنی شەرمەزارییەوە، شەوان هەتا بەرەبەیان سەری قەڵەمەکانیان بۆ کەڵەگای دۆلار و قاپێک دەگرن.

دریغا شێتخانەکەی دڵ، لەنێوان تۆ و بەهەشتەدۆزەخ ئەمجارەشیان دیسا دۆزەخ، ئاخر ئەمجارەیان ئیدی بیابانشینی نەگەرەک بۆ ئەوەی بەجێت بێڵم، ئەمجارەیان با بەگوێتدا بچپێنم، ئاسایش بەبی هۆ چەند جار سلێمانی و خانەقییان پێکردم، لەباتی بەخێرهاتنەوە، داوای ڤیزەی هاتنەژوورەوەی خانەقیی و نیشتمانیان لێکردم و لە مەرزەکەی مەنزەریە، چەند کاتژمێر ڕایانگرتین، ئاخر ئەمجارەیان بە جێمهێشتیت، لەبەر ئەوەی، دەنگم بۆ ژێردەستی و مەزاتخانەی نیشتمانەکەم نەدابوو، شوڕەسوارانی ئێراقی بە ئینکاریان لەقەڵەم دام. داخەکەم ئەمجارەیان نە کورد و نە نیشتمان دەناسمەوە، کە لەوێدا فیلەخانەکان هاوسەرانی بزنەکێوییەکان، ئێستا 10 کیلۆ زێر نەبێ لە گەردن ناکەن! ئاخر ئەمجارەیان ئەوەتا میللەتێک بە پێوەیە و سەرهەڵدەگرێ ڕووەو بەهەشتەدۆزەخ، پشت لە نیشتمان و سەرانیش نەبایان دیوە و نەباران! ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی بەرەبەیانی دوێنی لەسەر گردەکەی ئەودیوی کەلات دایکی براخاسم لە سەر گۆڕەکەی براخاس بینی، کە فەریادی دەگەییە ئاسمان و پڕبەدەم هاواری دەکرد و دەیگوت، ئۆخەی

ڕوڵە جوامێرەکەم، خۆزگەم بەوەی، کە زوو شەهید بوویت و بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە نەمای، دەنا ئیستا توویش هەر بە هەمان دەردەدۆلار دەچووی و لە جوملەی دۆلارپەرەستان دەبووی، نەک نیشتمانپەرەستان! ئەری براخاسەکەی دایە، کەسیان لە داوی دزیی قورتاری نەبووە، کە ئێستا بۆ خۆیان مەکربازانە نێویان لێناوە* گەندەڵی*، کە لەڕاستیدا دزییەکی سادەیە و تەنها، لە ئێمەی کوردی هەژار دەیکەن! دەنا برا بیابانشینەکانیان بە ملیارد لێیان دەدزن و خەبەریشیان نابێتەوە!

2007-10-10